

سوەیلا مەیهەمی

# شیعر هەموو کات هەتوانێکە بۆ ئازارەکانی ژیان

سوەیلا مەیهەمی، شاعیری تازە دەرکەوتووی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە دیمانەیەکی "وشە"دا، باسی چوونە ناو دنیای ئەدەب و ئامانجەکانی لەو بوارەدا دەکات، تیشك دەخاتە سەر ئەوەی لە مێژە هەستی بە بەهرەی شیعری خۆی کردووە، بەڵام تا لەگەڵ "مامۆستایانی گەورە" پێوەندیی نەگرتووە، ئەو هەستەی لا شکۆفە نەبووە و یارمەتیدانی ئەوان، دنیای ئەدەبی بە تەواوەتی بە روودا کردووەتەوە. لێرەدا دیمانەیەکی ئەو شاعیرە دەخوێننەوە.

*وەك زانیومانە، باوکت هۆگری شیعر و نووسینی شیعر بووە، تا چەند کاریگەری لەسەر تۆ دانا تا ببیتە شاعیر؟
لە منداڵییەوە لەگەڵ شیعردا ئاشنا بووم بەهۆی باوکم، باوکم هۆگری مامۆستا هێمن و هەژار بوو، کتێبی زۆربەی شاعیرانیشی هەبوو، کاتێك هەموومانی کۆ دەکردەوە بە دەنگی بەرز شیعری دەخوێندەوە و منیش زۆر حەزم لێ دەکرد و ئەوانم لەبەر دەکرد، بۆیە بڕێ جار بنەماڵە بێ ڕاستەوخۆ بزوێنەری هیواکانن. باوکم هەموو کات شانازیی بە کوردبوونییەوە دەکرد و بە شانازییەوە یادی باپیرانی دەکردەوە.

*دەگوترێت شیعر دەربڕینی هەستە، کە بووە هەڵوێست، دەبێتە شیعار، تۆ زۆرجار هەڵوێستەکانت لە ڕێی شیعرەوە دەردەبڕی، وەك دژوەستانەوەی هەندێ دابونەریت، ئایا ئەو هەڵوێستانەیش بە شیعر دادەنرێن، یان شیعار؟
ئەو شیعرەی کە لە دروشم دەچێ، شتێکی ماوەییە کە لە ماوەیەکدا بوو دژی نەریتێك گوتراوە یان بە گشتی ئێمەی کورد هەموو کات ڕووبەڕووی کەند و کۆسپ بووین و لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی هەست دەربڕینی شتێك لە ناخدا

دێتە زمان و من نووسیمەتەوە، بڕێك لە شاعیران شیعری وایان هەیە کە بۆ خەڵکی بە گشتی ئاسانتر فام دەکرێ، بەڵام ئەوانەیش شیعری لە مێژەی منن و ئێستە هەم لە ڕووی فۆرم و پێکهاتە زۆر جیاوازترن.

* باوباپیرانت لە دەشتی شارەزوورەوە چوونەتە دیوی رۆژهەڵات، ئێستە هیچ پێگیریی رۆحیت بەو خاکە ڕەسەنەتەوە ماوە، یان خۆشەویستیی سنە و رۆژهەڵات، ئەوەی شووشتووەتەوە؟
هەموو کات ئاواتم ئەوە بووە بە خاکی ڕەسەنایەتی خۆم شاد ببمەوە، وەك منداڵێك مەراقی دایکم دەکەم، بەڵام شارەکەم سنە و بە گشتی رۆژهەڵات ئەو خاکەیە کە من بیرەوەرییەکانم لێ تۆمار کردووە و خۆشەویستییەکی هەتاییە، هیچ کاتیش کوردبوونم بە مەڵبەندێکی کوردەواری نابەسترێتەوە، خۆم بە کوردی هەمووی خاکی کوردان دەزانم، بۆ هەر شوێنی خاکی کورد بچم وا دەزانم ساڵانێکە لەوێ دەژیم.

*بوونەشاعیری، وێڕای بەهرە، ئەزموونکردنیشی گەرەکە، ئایا کە دەگوترێ سنە شاری نووسەران و ئەدیبانە، ئەوە تا چەند کاریگەری لەسەر پێشخستنی تۆ لە دنیای شیعردا داناوە؟
من لە مێژە هەستم بە بەهرەی شیعری دەکرد، بەڵام تا لەگەڵ مامۆستایانی گەورە پێوەندیم نەگرت، ئەو هەستە شکۆفە نەدەبوو، یارمەتیدانی ئەوان منی فێری زۆر شتی ئەرێنی کردووە، پێوەندی لەگەڵ ئەدیبان و کۆڕەکانی ئەدەبی یارمەتیدەر بووە بە دڵنیاییەوە، لێرەدا دەبێ دەستخۆشی لە مامۆستای گەورەم بەڕێز ئیرەجی عیبادی شاعیر و نووسەر و رۆژنامەوان بکەم کە زۆر یارمەتیدەرم بووە.

* وەك دەزانین تۆ بازرگانیت خوێندووە، ئێستە زۆرێك لە ڕێی شیعری پەسندان و دەربارەوە، واتە پێداهەڵگوتنەوە، بازرگانی دەکەن، ئەمە لە کوێی چوارچێوەی دنیای شیعردا جێی دەبێتەوە؟
شیعر و بازرگانیکردن زۆر دوورن لە یەك، واتە دوو شتی دژی یەکن، بە هەست بازرگانی ناکرێت، دەربڕینی شیعر ئاسوودەکردنی ناخە لەو ئازارانەی کە ژیان بە سەر مرۆڤدا دایدەسەپێنێ، ئەوانەی کە زمان و وشە ئالوودەی بەباڵاوتنەوەی دەرباریان دەکەن، هیچ شاعیر نین و شاعیر ناخی لەگەڵ ناخی خاك و خەڵکدا ئاوێتەیە، کە کاتێ ئازار بچێژن لە هەستی شاعیر هەڵدەقووڵێت، دەبێ ناوێکی جیاواز بۆ ئەو کەسانە وا شیعر بۆ

دەرباریان دەڵێن بدۆزرێتەوە، زۆر باشە کە واتەکەی دوور بێت لە شیعرەوە.

* دەربڕینی هەستی خۆت و هۆنینەوەی شیعر، بە زمانی کوردی، یان فارسی بۆ تۆ خۆشترە و پێی ئاسوودەتری؟ کە هی دووەمیان بۆ تۆ زمانی بێگانەیە.
ئێمە کاتی خوێندنمان کە دەگات و دەبێ بچینە قوتابخانە، زمانمان دەگۆڕێت، واتە ئەو زمانەی کە دایکمان لە گەڵماندا دەدوێ، هەر لەماڵدا دەمێنێتەوە، دوایی فێری نووسین و خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانە فێر نابین بە هۆی یاساکانی پەروەردە بە گشتی، زمانی حکوومەتی دەسەڵات هەرچییەك بێت فێر دەبین، بۆیە من بە هۆی ئەویندارى زمانی زگماکی خۆم، هەوڵم داوە زمانی دایکیم بە نووسین و خوێندن فێر بم و شیعر زۆر یارمەتیدەرم بووە کە زمانی کوردی بە باشی فێر بم و بە دڵنیاییەوە کاتێك بتەوێ گۆرانییەکانت، هەستەکانت و ئەو شتەی کە لە ناختدا هەیە بڵێیتەوە، زمانی زگماکی ئاسانتر یارمەتیت پێ دەبەخشێ. شیعری فارسی کاری زۆر باشی لە سەری کراوە، ئێمەی کوردیش دەبێ بۆ پێشکەوتنی ئەدەبیاتی خۆمان هەوڵ بدەین، بە دڵنیاییەوە نووسین بە کوردی بۆ من ئەوینێکی بێ هاوتایە.

* هەست ناکەی ئێستە شیعری ئازاد و بێ سەرواوکێش، خەریکە شیعری کلاسیکی و شیعری ریالیستیش وەپاش دەدات، لە کاتێکدا هێشتا گوێگر و حەزلێکەری شیعری کلاسیکی کەم نین؟
شیعری کلاسیك بناغەیە و ستوونێکە کە شاعیران ئەزموونەکانیان هەر لەوێوە دەست پێ دەکات، واتە هەتا مەحوی و نالی و مەلای جەزیری و... نەخوێنێتەوە، شاعیر بناغەیەکی نییە تا پەلوپۆی تێدا بکوتێ و گەشە بکات، واتە وەك بنەڕەت و بنەماڵەیەکە کە دەبێ بە شانازییەوە پێیدا بڕوانین، بەڵام وەك ئەوەی دنیا هەر ڕۆژ بەرەو گۆڕانکاری و پێشکەوتن دەچێ، زمان و ئەدەبیش دەبێ خۆی نوێ بکاتەوە، بەڵام هەر نوێکردنەوەیەك کە ڕیشە و بنەڕەتی نەبێ، بەرەو لاوازی دەچێ و دەبێ بە وردی و سەرنج ئەو کارە بەڕێوە ببرێن.

*لە سێیەمین ساڵوەگەڕی کۆچی شێرکۆ بێکەسدا، لە کۆتای شیعرێکتدا دەڵێیت "ئەمە بۆ ئیمپراتۆری شیعرە" بە چ پێوانەیەك گەیشتییە ئەو بڕوایەی ئەو ناسناوە بە باڵای بێکەسدا ببڕی؟

نازانم بڵێم ڕێزی تایبەت یان خۆشەویستییەکی زۆرم بووە بۆ مامۆستا شێرکۆ بێکەس و ئارەزووی بینینیم هەر لە خەونەکانمدا ماوە، شێرکۆ شۆڕشێکی وشەیە لە شیعردا کە دەبێت بڵێین ئایا وشەیەك ماوە شێرکۆ بە جوانی لە شیعردا نەیهاوردبێ؟ لە دوایین کارەساتی شەڕی داعش لە شنگال و کۆبانی و ... جێگەی شێرکۆ زۆر دیار بوو کە هەموو کارەساتەکان وەك شەڕوانێك، وشەکانی کۆ دەکردەوە و سەرنجی هەموو کەسێکی بو خۆی ڕادەکێشا، خاوەن شکۆی شیعرە بۆ من و هەروەهایش دەمێنێ و ئەو خۆشویستییە لە دڵمدا هەر دەمێنێ.

* پێناسەی تۆ بۆ شیعر و روانگەی بۆ شیعری ئێستە و قۆناغبڕییەکانی چین؟
شیعر هەموو کات وەك هەتوانێکە بوو ئازارەکانی ژیان سارێژی برینەکانی ئەم دنیایەیە کە بە هۆی مرۆڤ هەموو ژیان گیرودەی دەبێ، ئەڵبەت هەتوانی دڵی ئەو کەسەیە کە باسی ئەو دەردانە دەکات. بە گشتی شیعر لە هەر قۆناغی زەمانیدا تازەگەری هەبووە، واتە ئەو شاعیرە لە خەڵکی خۆی پێشڕەوتر بووە، ئێستەیش شیعری جیاوازمان هەیە، کە دەبێ شاعیران بە سەرنج ئەو ڕەوتە بە خەڵکی بناسێنن تا جێگەی خۆی لە نێو بەردەنگدا بکاتەوە، بە تێبینی من ئاوەزی بەردەنگ لە تەنگژەی خوێندنداییە، بۆیە بەردەنگی ئەمڕۆ دوور دەکەوێتەوە لە شیعری سەردەم، شیعر لە ڕەوتی جیاواز ساکارییەکان دەگۆڕێ، بە بڕوای من لە نۆژەنکردنەوەی زمان،کە ئامانجی تازەگەرییە، فرە دەنگێك لە نێو شاعیران پەیدا بووە، شیعری شێت، حەجمدار، نوێخواز و نوێترخواز و.... کە لە ڕاستیدا جێی خۆشحاڵییە پێشکەوتنی زمان پێویستی پێیە کە بە شیعری بەرەی چوار ناو دەبرێ. شیعر گەمەیەکی زمانییە، پەنجەرەیەکە بە ڕووی نهێنییەکانی زمانی بە درێژایی مێژووی خۆی گۆڕانکاری لەسەری کراوە و دەکرێت.

**بیۆگرافیا و باکگڕاوند**

سوەیلا مەیهەمی لە 1971 لە دایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری قوروە تێپەڕاندووە جگە لە خوێندنی کۆلێژ کە لە بواری ئابووری لە زانکۆی ئازادی سنە خوێندوویەتی، وەك خۆی دەڵێ هیچ پێوەندییەکی رۆحیی لەگەڵ مودیریتی بازرگانی نەبوو و رۆحی ئەو هۆگری ئەدەبیات

بوو، ئێستەیش دانیشتووی شاری سنەیە. بە هۆی گرفتەکانی ژیان و چەندان ڕێگری و بوونبەستێك کە لە ژیانیدا ڕوویان داوە، نەیتوانیوە لە دەریای شیعر و لە باخی وشەدا خۆی تاقی بکاتەوە، وەك خۆی دەڵێ: ئەو شیعرانە کە هەموو کات لە تەنیاییەکانی خۆمدا دەمنووسی، هەر لە سووچە تاریکەکاندا مانەوە، ئێستە ماوەی دوو ساڵە ئەو دەرفەتەم بو ڕەخساوە کە لە کەناری مامۆستایانی ئەدەبیات خۆم تاقی بکەمەوە و ئەزموونم ببێت. دەبێ بڵێم شیعری زۆرم نووسیوە، بەڵام دەفتەر دەفتەر شیعرم لە ئەرشیف داناوە، چونکە بە دڵم نەبووە و هەمیشە هەوڵم داوە تازەتر بنووسم، بۆیە هێشتا کتێبێکم چاپ نەبووە، بەڵام گۆڤارەکان و رۆژنامەکان جێگەیەکن بۆ تاقیکردنەوەی خۆم، وەك رۆژنامەی سیروان، هەفتەنامەی دیاری کوهەن، هەفتەنامەی لووتکە، گۆڤاری ڕامان... کە لەم تاقیکردنەوەدا ئەزموونم هەیە تا کۆی شیعرەکانم لە کتێبێکدا لە چاپ بدەم.